کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-6-2007 23:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەلامێک بۆ خاتوو سەیران سەلاح ... شکار ئەحمەد

shkar_qaladzaey@hotmail. com

دوا بەرنامەی (زەنگ) ی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تایبەت بوو بە منداڵ و مافەکانی و ڕۆژی جیهانی منداڵان، لە بەرنامەکەدا سێ بەڕێز میوان بوون، کە یەکێك لەوان خاتوو (سەیران سەلاح) ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان بوو.



من لێرەدا دەمەوێت تیشك بخەمە سەر قسەیەکی ئەم خاتوونە کە لە بەرنامەکەدا کردی. بەداخەوە ئەوکاتە نەمتوانی پەیوەندی تەلەفۆنی وەربگرم و وەڵامێکی تەندروستی بدەمەوە.

ئەو خاتوونە بەڕێزە دەڵێت: "پارساڵ لە یەکیك لە قوتابخانەکان حاڵەتێك هەبووە، کە مامۆستایەك بە دار لە قوتابییەکی داوە و دەستی شکاندووە، بە فیزێکیشەوە دەڵێت من کێشەکەم گەیاندە لای وەزیری پەروەردە و بەوهۆیەوە 3 مامۆستا سزا دران"!.

منیش دەڵێم سەیران زۆر ڕاست دەفەرموێت، ئەمانەی کە گووتی هەمووی وابوو، چونکە من خۆم ئاگاداری تەواوی ئەو کێشەیە بووم، بەڵام هەستم کرد زۆر شت کە دەبوایە ئەم خانمە بیگووتایە، باسی نەکرد، نازانم بۆ؟! سەیران خان نەیگووت کە قوتابییەکە بۆچی لێی درا؟! پێش ئەوەی لێبدرێت خەریکی چی بوو لەگەڵ هاوپۆلەکانی؟! لە کام دەستی قوتابییەکە درا و کام دەستی شکا؟! ئەوەشی نەگوت کە ئەم قوتابییە کێ بوو و بۆچی ئەم کێشەیەی گەیاندە لای وەزیری پەروەردە و سوور بوو لەسەر سزادانی 3 مامۆستاکە؟! هەروەها بۆچی سێ مامۆستا سزا دران، لەکاتێکدا کە یەك مامۆستا لە قوتابییەکەی دابوو؟! هەر بۆیە پێمخۆشە بڵێم هەرچەندە من پارساڵ بە وردی ئەم ڕووداوەم بەشێوەی بەدواداچوون خستە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی ڕوانین، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە گوێبیست و ئاگاداری ڕووداوەکە نەبوون بە قسەکانی ئەو خانمە هەڵنەخەڵەتێن و چەواشە نەبن، واش نەزانن کە سەیران سەلاح ئەوەندە لە خەمی منداڵە هەژارەکانی ئەم وڵاتەدایە، ئەوا بەشێك لە قسەی ئەو مامۆستا و قوتابیانەی کە لە بەدواداچوونەکەی پارساڵمدا بۆم دوان و شایەتحاڵی ڕووداوەکە بوون، دەکەم بە تەواوکەر و وەڵامی قسەکانی سەیران خان.

ڕۆژی چوار شەممە بەرواری 3/29ی پارساڵ لە قوتابخانەی مەولەوی سەرەتایی کە لە هەولێری پایتەختە. لە وانەی سێیەم قوتابییەك بەناوی عەلی (کە خوشکەزای ئەم سەیران خانەیە) وێنەیەکی زۆر نەشیاو (سێکسی) لەسەر تەختەڕەشەکەی پۆل دروست دەکات (وێنەکە هی ژنێك و پیاوێکە و لەژێریشی ناوی مامۆستاکەی کە ئافرەتە دەنووسێت) !. دوای ئەوەی کە مامۆستاکە دەچێتە ژوورەوە و وێنەکە دەبینێت، ئەم سووکایەتییەی پێ قبوڵ ناکرێت و دارێك دەدات لە دەستی چەپی قوتابییەکە، ئەویش دەستی ڕاستی خۆی دەگرێت، هەر ئەو دەستەشی (واتە دەستی ڕاستی) لە گەچ دەگیرێت!. دواتر تاقیکردنەوە دەکات و وەڵامی پرسیارێکیش دەداتەوە. (ئەمە قسەی هاوپۆلەکانی قوتابییەکە و مامۆستاکەیە)، هەروەها ئەم ڕۆژە تا وانەی شەشەم لە قوتابخانە ماوەتەوە و هیچ گرفتێکی نەبووە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
7-6-2007 23:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

(ئەمەشیان قسەی بەڕێوەبەر و ڕابەری پەروەردەییە) . بەو هۆیەوە کە باوکی ئەم قوتابییە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنە، دکتۆرەکان دەناسێت و دەستی قوتابییەکە لە گەچ دەگیرێت (ئەمەشیان قسەی ئەفسەرێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنە)، بەڵام دوای دوو ڕۆژ کە من خۆم قوتابییەکەم بینی گەچەکە بە دەستییەوە نەبوو و پرسیارم لێکرد کە بۆچی گەچەکە بە دەستیەوە نەماوە، ئەو گوتی کە خۆی لێی کردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بۆ ماوەی 25 تا 30 ڕۆژ نابێت گەچ لەو شوینە بکرێتەوە کە شکاوە (بەپێی قسەی یەکێك لە پزیشکەکانی شکان) !!. ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ئەم قوتابییە ماوەیەك پێشتر دەستی شکابوو (قسەی مامۆستایەکە کە هاوسێیانە) .

بەر لەوەی لەلایەن مامۆستاکە لێی بدرێت، ئەم قوتابییە لەگەڵ یەکێك لە هاوپۆلەکانی وەکو کاراتی کێشاویەتی بە دارێکی گەورە و شکاندویەتی (ئەمەشیان قسەی ئەو قوتابییەیە کە بەیەکەوە دارەکەیان شکاندووە) !.

پێشم خۆشە سەیران خان ئەم نووسینە بخوێنێتەوە و وەڵامی هەبێت بۆی، وە نووسینەکەم بە زیادەڕەوی و ناڕاست بداتە قەڵەم، تاوەکو بە بەڵگە و قسەی تۆمارکراوی خودی شایەتحاڵەکان دووبارە وەڵامی بدەمەوە.

تێبینی: خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بۆ باشتر ئاشنا بوون بە وردەکارییەکانی ڕووداوەکە و بینینی تەواوی قسەکانی شایەتحاڵەکان، سەیری لاپەڕە (4) ی ژمارە (37) ی ڕۆژنامەی ڕوانین بکەن، کە لە 2006/4/25 بڵاوبۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.